مونا قەهوەچی: بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی کێتا لە پەرلەمانی کوردستان نایاسایی و نادەستووریی بوو



مونا قەهوەچی، جێگری سکرتێری گشتیی پارتی چاکسازیی تورکمان رایگەیاند، وەکو پێکهاتەی تورکمان بەشداری هەڵبژاردنێك ناکەن کە "پشوێختە دیزاینی بۆ کراوە".

مونا قەهوەچی ئەمڕۆ پێنجشەممە لەمیانی لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنوسان، لەبارەی نەمانی کورسی پێکهاتەکان رایگەیاند، "نەمانی کورسی کێتا لە پەرلەمانی کوردستان لە بڕڕوێندیی هیچ لایەنێکی سیاسیدا نییە، بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کورسی کێتا لە پەرلەمانی کوردستان، نایاسایی و نادەستووریی بوو".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئامانج لە بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی عێراق لێنووبردنی ئەو پێکهاتانە نییە و پێکهاتەکان بو کە لە هەرێمی کوردستان هەیە.

پەیوەست بە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە 10ی 6ی 2024 بەڕێوەبچێت، مونا قەهوەچی وتی، "تا کورسی کێتا نەگەڕێندرێنەوە وەکو پێکهاتەکان و بڕیاربێت پارتی چاکسازی تورکمان، بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ناکەین کە پشوێختە دیزاینی بۆ کراوە".